# مادده هۆشبەرەکان

# چەکێکی تر بۆ لەناوبردنی مرۆڤایەتی

# مادده هۆشبەرەكان

# چەكێكی تر بۆ لەناوبردنی مرۆڤايەتی


نووسين و ئامادەكردنی:

**مەحمود محەمەد مەجيد**

سەرپەرشتياری پسپۆری زمانی عەرەبی


٢٠٢٣ ز

## ڕێناسی کتێب:


ناوی کتێب: مادە هۆشبەرەکان
چەکێکی تر بۆ لەناوبردنی مرۆڤایەتی
نووسینی: مەحمود محەمەد مەجید
نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٤٣ك - ٢٠٢٢ز

- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی () ساڵی (٢٠٢٣) پێدراوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

# پـێشەكی

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَهْدِيهِ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. وأصلي وأسلم على الرحمة المهداة، والنعمةَ المسداة، على آلهِ وأصحابه والتابعين، قالَ تعالى: ﴿يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (المائدة: ٩٠).

خۆشەویستان: لەبەر ئەوەی مادده هۆشبەرەكان بۆتە یەكێك لەو چەكە ترسناكانە، كە دوژمنان لە دژی ولاتەكەمان ولاوەكانمان خەریكە بیخەنە گەر، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەم نامیلكەیە بخەینە بەردەستی هاولاتیە خۆشەویستەكان بۆ ئاگاداركردنەوەیان لە زیانەكانی ئەم سەرەتانەی سەردەم، وەبەشداریكردنی هەمووولایەك لەو هەلمەتە پیرۆزەی كە هەموو چین وتوێژەكانی میللەتەكەمان لەدژی مادده هۆشبەرەكان بەرپایان كردووە. داواكارین خودا بەگەورەیی خۆی كوردستانمان بپارێزێ ومیللەتمان سەرفرازبكاتو ئالای كوردستان هەردەم شەكاوە بێت لەسەر هەموو بستە خاكێكی كوردستان، وە دوژمنانمان هەردەم سەرشۆرو ریسوابن. (آمین)

**مادده هۆشبەرەكان یان سركەرەكان**: ووشەیەكی سادە و سوكە لەسەر زار بەلام ماناكەی وەك چەكە ترسناك و كۆ كوژەكان، وەك شەویٚكی تاریكی پر لە نەهامەتی، وەك ویٚنەی گەلە گورگیٚكی برسی دیٚتە بەر چاوی خاوەن ویژدان و خەم خۆرانی خەلك ولات. چونكە چەكیٚكی كوشندەی روخیٚنەرە بەدەست كەسانیٚكەوە كە هیچ ویژدان و عەقل و مەنتقیان نی یە، تەنها پارە و پول پیرۆز ترین شتە بەلایان. بەلٌی گەردەلولیٚكە گەنجەكان پەراگەندە دەكات، تسۆنامیەكەشیرازەی خیٚزانەكان دەروخیٚنیٚ، پاشماوەكەی تەنها شیٚتبوون و بەندیخانە و مردنە...هەویٚنی هەموو ئاژاوە و تاوان و ویٚرانكاریەكانە،

جا لەبەر ئەوەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز خۆی بەخاوەنی مرۆڤ دەزانیٚ و ئایینی چاكسازی و دەست گرتنی خەلكە لە دەریای خنكیٚنەر و شەپۆلاوی بۆ كەناری بەختەوەری و حەسانەوە، وەپاراستنی مافی بوونی مرۆڤ، لە ئەركە هەرە گەورەكانە كە داكۆكی لەسەر بكات، منیش وەك مامۆستایەكی ئایینی و مامۆستایەكی بواری پەروەردە و فیٚركردن بە ئەركیٚكی ئایینی و نیشتیمانی و نەتەوەیی و مرۆیی دەزانم ،كە بەشداری لە هەلمەتیٚك بكەم كە حەسانەوەو نەهیٚشتنی تاوان و تیٚروری تیٚدابیٚت، هەرچەندە زۆر لە خوتبە و وتارەكانی هەینی باس كراوە بەلاٌم نوسینیش كاریگەری خۆی دەبینیٚت و زۆر پیٚویستە...

بۆیە بەپشتیوانی خودا لەم نامیلكە بە شیٚوەیەكی كورت و پوخت گەشتیٚك لەو گۆرەپانە دەكەم و خالٌ لەسەر پیتەكان دادەنیٚم بە ئومیٚدی رەزامەندی خوداو سوود بەخشی بۆ لاو و گەنجە بەریٚز و

خۆشەویستەکانی نەتەوەکەم...بۆ ئەوەی لە دۆزەخی مادده سڕکەرەکان دووربن و نەکەونە داوی ماڵ ویٌرانی و خەسارمەندی هەردوو جیهان.....

# ماناى (مخدرات) چييه؟

لەراستی ئەم وشەیە کۆیە تاکەکەی (مخدر) ە وە لە کاری (خدر) وەرگیراوە و لە قاموسەکانی زمانی عەرەبی بەچەند مانایەکی سەیر هاتووە کە بەراستی جێگای سەرسورمانە کە ئەمانە هەندێ لە ماناکانن:

١- داپۆشین
٢- تاریکی زۆر
٣- تەمبەلی و خاوبوونەوە
٤- هەوری رەش و باران
٥- چاو تاریك بون و گران بوون
٦- سەر لێشێوان
٧- دابرانی ئاژەڵ لە کۆمەلی ئاژەڵەکانی تر.

بەڵێ بەراستی مادده هۆشبەرەکان ئەم شتانە بەسەر خاوەنەکەی دێنێ... عەقلی دادەپۆشێ و هەموو زیرەکی و کارامەیی لە کیس دەدات، هەمووکاتێك بەرەشی و تاریکی دەروانێتە ژیان، و دوارۆژ، لە خزم و دۆست و برادەر و کۆمەلگا دادەبرێ، و بە گۆشەگیری دەژیت و هەمووکاتێك بێ هێزو داتەپیو و هەست بەبێ هێزی و نائارامی و دۆراوی دەکات....

# پێناسەی ماددە سرکەرەکان لەزاراوەی سەردەم

لەئەنجامی گەڕان بەدوای پێناسەیەکی ورد، زۆر پێناسە کراوە بەتایبەتی لەلایەن یاساناسە نێودەولەتی یەکان و ڕێکخراوەکانی پزیشکی و مرۆیی... پوختەی هەمووان دەتوانین لەم چەند وشەیە کۆبکەینەوە: (بریتی یە لە ماددەی خاو، یان ئامادەکراو، یان دروست کراو، بەکار هێنانیان دەبێتە هۆی کاریگەری خراپ و ناڕێك لەسەر دەزگاکانی کۆدەمار و مێشك، جا بەدابەزین بێت، یان چالاك بوون، یان هەلوەسە دێنێ شتی سەیر و سەمەرە و مەست بوون،..یان: هەرشتێك کاری گەری خراپی لەسەر عەقل و هەستەکان هەبێت و ببێتە هۆی ئالوودە بوون).

# جۆرەكانی مادده سڕكەرەكان:

بە گوێرەی پێناسەكەمان سێ جۆرن لەم خشتەیە هەندێكیان باس دەكەین

| ز | سروشتی یەكان<br>(ئەمانە رووەكین) | ئامادەكراو<br>(نیمچە دروستكراوەكان لە رووەك دروست دەكرێن) | دروستكراو<br>(لەبواری پیشەسازی - لە مادده كیمیاویەكان دروست دەكرێن لە بواری دەرمانسازی بەكار دەبرێن) |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەفیون -خشخاش | مۆرفین | بەدیلەكانی مۆرفین |
| ٢ | حەشیشە | كۆدایین | خەوهێنەرەكان |
| ٣ | كۆكا | هیرۆیین | ئارامكەرەوەكان |
| ٤ | قات | كۆكایین | ئەمفیتامینات |
| ٥ | صبار المسكالین | دەرمانی L.s.d | دەرمانی P.c.p |
| ٦ | فطر عش الغراب | | |
| ٧ | جوزة الطیب | | |

# كاریگەری ماددەسركەرەكان لەسەر مرۆڤ:

سێ حاڵەتی هەیە بەشێوەیەكی گشتی وەك لە پێناسەكە دیاركەوت:

١- **دابەزێنەرو خاوكەرەوە:** ئەم ماددانە كاریگەری لەسەر كۆئەندامی دەمارو مێشك دەكەن بە خاوكردنەوە خەو لێخستن و راگرتن (مسكن) وەك: راگرەكان: باربیتورات (باربیتون، فینوباربیتون، بوتوباربیتونن، أمیلوباربیتون، بنتوباربیتون)، هێوركەرەكان: (أكوانیل، فالیوم، لیبریوم، فالنیل، ترانكیلان، لارجاكتیل). خەوهێنەرەكان: (لومینال، كلورال، دوریدین، بارالدیهاید). كەئەمەش دەبێتە هۆی لەسەر خۆیی و كەم كردنەوەی كارو ئەركەكانی ئەندامەكانی لەش.. وەك خاوبونەوەی هەناسە و دابەزینی پەستانی خوێن.

٢- **چالاككەرو ورياكەرەوە** (المنشطات): ئەمەش وادەكات كۆئەندامی دەمار زیاد لە پێویست وریا ببێتەوە ماسولكەكانی لەش توندو تۆل بن و زیاد جولە بكات و تاقەتی شەونخونی و نەخەوتنی هەبێت و هەست بە ماندو بوون نەكات، پەستانی خوێن بەرز دەكات و ژمارەی هەناسەدان زیاد دەكات وەك: كۆكایین و ئەمفیتامینات، أمفیتامین، میتامفیتامین، دیكسامفیتامین، ئەوشەرابانەی كحولیان تێدایە.

٣- **المهلوسه:** تێك چوون و مەست بوون و چوونه جیهانی خەیال...
ئەویش ئەو ماددانه دەگرێتەوە كه كاریگەری له كۆئەندامی دەمار دەكەن و ئاڵۆزی دەكەن و گوێ و چاو دەباته بارێكی سەیر هەستەكانی تێك دەچێ وەك خۆیان كار ناكەن ئاگای له خۆیی نامێنێت جۆرەها هەلچوونی سەیر ئەنجام دەدات له شەر، له گۆرانی له قسەی سەیرو نا بەجێ، وەك: میسكالین، ل.س.د...

**ئەمەی خوارەوەش رونكردنەوەیەكی پوختە بە خشتەیەك كه هەر سێ جۆرەكه روون دەكاتەوە:-**

| چالاك كەرەكان (المنشطات) | مەست كەرەكان (المهلوسة) |
|---|---|
| قات | حشیش |
| كوكا | المسكالين |
| كوكایین | عش الغراب |
| امفیتامین | جوزه الگیب |
| كبتاجون | دەرمانی P.c.p ، L.s.d |

دابەزێنەرەكان:

| افیون و جۆرەكانی | بەدیلەكانی مۆرفین | خەو هێنەرەكان | هێوركەرەوەكان |
|---|---|---|---|
| افیون | بتێدین | سیكونالّ ئەمیتالّ | ڤالیۆم |
| مۆرفین | مۆگادۆن | میپاكوالآن كلۆتیپپیمید | لیبریۆم |
| كۆدایین | | | ئەتیڤان |
| هیرۆیین | | لومینال، كلورال، دوریدین، بارالدیهاید | أكوانیل ، فالنیل، ترانكیلان، لارجاكتیل باربیتورات (باربیتون، فینوباربیتون، بوتوباربیتونن، أمیلوباربیتون، بنتوباربیتون. |

# مادده هۆشبەرەكان و شەریعەتی ئیسلام

١- قورئانی پیرۆز هەرشتێك پیس و زیان بەخش بێت و مرۆڤ دوچاری سەرگەردانی و ژیان ئاڵۆزی بكات حەرامی كردووە و بەرەنگاری دەبێتەوە....

٢- مادده هۆشبەرەكان بە هەموو چەشنێك لە ئایینی ئیسلام حەرام كراون، جا بەهەر ناوێك یان جۆرێك بێت؛ شلە بێت، گاز بێت، تۆزبێت... هتد جیاوازی نییە.

٣- قورئانی پیرۆز ئارەق و مادده هۆشبەرەكانی بەكردەوەی شەیتان و هۆی سەرەكی ئاژاوە ناوزەند كردووە: ﴿يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصابُ وَالْأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ (المائدة: ٩٠). واتە: (ئەی ئەو كەسانەی باوەرتان هێناوە بەراستی بێگومان ئارەق و یانسیب و بت پەرستی لەكردەوەی شەیتانن، زۆر لێی دوور كەونەوە بۆ ئەوەی رزگارتانبێت لە شەیتان و سزای خودا).

٤- بلاوبوونەوەی ئارەق و مادده هۆشبەرەكان نیشانەی تێكچوونی ژیان و نزیكبوونی قیامەتە؛ وەك لەم فەرموودە هاتووە: ((إِنَّ مِنْ أَشْرَاطِ

السَّاعَةِ: أَنْ يُرْفَعَ الْعِلْمُ، وَيَثْبُتَ الْجَهْلُ، وَيُشْرَبَ الْخَمْرُ، وَيَظْهَرَ الزِّنَا))[١]

واته: (له‌نیشانه‌كانی نزیكبوونه‌وه‌ی قیامه‌ت، نه‌مانی زانست، وبلاوبوونه‌وه‌ی نه‌فامی وجه‌هل، ئاره‌ق بخورێته‌وه، زینا به‌ئاشكراییبێت)

٥- ئه‌وه‌ی ئالووده‌ی هۆشبه‌ره‌كانه، به‌هه‌شتی لێ حه‌رامه‌و له ریزی ملیانه‌كانه؛ وه‌ك له‌م فه‌رمووده هاتووه: ((ثَلَاثَةٌ قَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِمُ الْجَنَّةَ: مُدْمِنُ الْخَمْرِ، وَالْعَاقُّ، وَالدَّيُّوثُ الَّذِي يُقِرُّ فِي أَهْلِهِ الْخَبَثَ))[٢] واته: (سێ كه‌س خودا به‌هه‌شتی لێ حه‌رام كردوونه، ئالووده‌بووبه ئاره‌ق، خراپه‌كار له‌گه‌ل دایك و باوك، ملیان ئه‌وه‌ی به‌شه‌روال پیسی خێزانه‌كه‌ی رازییه)

٦- ئاره‌ق خۆرو هۆشبه‌ره‌كان له حیسابی خودا له‌ریزی بت په‌رستانن: ((مُدْمِنُ الْخَمْرِ إِنْ مَاتَ لَقِيَ اللَّهَ كَعَابِدِ وَثَنٍ))[٣] واته: (ئالوده‌بووی ئاره‌ق وهۆشبه‌ره‌كان كه‌مرد وه‌ك بت په‌رست ده‌چێته خزمه‌ت خودا)،

---

(١) متفق عليه.

(٢) أخرجه أحمد وغيره واللفظ له وهو حديث حسن لغيره. صحيح الترغيب والترهيب ٢ / ٦٠٠.

(٣) أخرجه أحمد واللفظ له، وابن ماجة وابن حبان، وقال الألباني رحمه الله: صحيح لغيره. صحيح الترغيب والترهيب٢/٦٠٠.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: ((من شرب الخمر صباحاً كان كالمشرك بالله حتى يمسي، وكذلك إن شربها ليلاً حتى يصبح...))[١] واتە: (هەركەسێ بەیانی ئارەق بخواتەوە وەك موشریكە تا ئێوارە، وهەركەسێكیش شەو بیخواتەوە وەك موشریكە تا بەیانی) هەروەها ئەبو موسای ئەشعەری (رضي الله عنه) دەیگوت: ((مَا أُبَالِي شَرِبْتُ الْخَمْرَ ، أَوْ عَبَدْتُ هَذِهِ السَّارِيَةَ مِنْ دُونِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ))[٢] واتە: (بەلامەوە گرنگ نیی چ ئەم كۆلەگەیە بپەرستم جگە لە خودا،یان ئارەق بخۆمەوە).

٧- ئەوانەی بەشداری لەكرین و فرۆشتن و بلاوكردنەوەو خواردنەوەو ...هتد مادده هۆشبەرەكان وئارەق دەكەن هەموویان لەلایەن خواوە لەعنەتیان لێكراوە؛ ((لَعَنَ اللَّهُ الْخَمْرَ وَشَارِبَهَا وَسَاقِيَهَا وَبَائِعَهَا وَمُبْتَاعَهَا وَعَاصِرَهَا وَمُعْتَصِرَهَا وَحَامِلَهَا وَالْمَحْمُولَةَ إِلَيْهِ وآكل ثمنها))[٣] واتە: (خودالەعنەتی كردووە لەئارەق وئەوەی دەیخواتەوە ،ئەوەی درخواردەدات، ئەوانەی دەیكرن ودەیفرۆشن ودروستی دەكەن و باری دەكەن ودەیگوازنەوەو... هتد)

---

(١) مصنف عبد الرزاق ٩ / ٢٣٩.
(٢) صحيح الترغيب والترهيب ٢ / ٦٠٠.
(٣) أخرجه أبو داود والترمذي وأحمد وابن ماجة، وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم ٥٠٩١.

٨- ئارەق خۆرتا چل رۆژ نوێژی قەبوول نابێت ئەگەر لەماوەی ئەم چل رۆژەش بەبێ تۆبە مرد بەکافری دەمرێت: ((ما من أحد يشربها فتقبل له صلاة أربعين ليلة، ولا يموت وفي مثانيه منه شيء إلا حُرمت عليه الجنة، فإن مات في أربعين ليلة، مات ميتة جاهلية))[١]. واتە: (هەرکەسێك بیخواتەوە تا چل رۆژان نوێژی قەبول نابێت، هەکەسێك بمرێ شتێکی لەجەستەوهەناوی مابێت بەهەشتی لێ حەرام دەکرێت، وەئەگەر لەماوەی ئەم چل رۆژەش مرد، ئەوا مردنێکی جاهیلانەی دوور لەئیسلامە).

٩- هەموو مادده هۆشبەرەکان، ئارەق و خەمرن وە ئارەق و خەمر حەرامە، ناوگۆرین، بۆناوی سەیرو سەمەرە هیچ لە حوکمی شەرعی ناگۆری هەر شتێك مرۆڤ مەست و سەرخۆش بکات، کەم یان زۆر، هەمووی لەحوکمی ئارەقدایە؛ ((كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ، وَكُلُّ خَمْرٍ حَرَامٌ))[٢] واتە: (هەموو مەست کەرێك ئارەقە وئارەقیش حەرامە) هەروەها دەفەرموویت: ((لَيَسْتَحِلَّنَّ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي الْخَمْرَ بِاسْمٍ يُسَمُّونَهَا إِيَّاهُ))[٣].

---

(١) أخرجه الطبراني بإسناد صحيح وصححه الألباني في الصحيحة برقم ٢٦٩٥.
(٢) أخرجه مسلم.
(٣) أخرجه أحمد وابن ماجة وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم ٤٩٤٥.

واتە: (بێگومان خەلكانێك لەئوممەتی من ئارەق حەلال دەكەن بەوەی ناوێكی تری لێدەنێن).

١٠- ئەوانەی رێخۆشكەرن، یان دلخۆشن بە بلاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەكان لە ریزی ئاژاوەگێرو گەندەل و بەدكاران هەژماردەكرێن، چونكە بلاوبوونەوەی هۆشبەرەكان، واتە بلاوبوونەوەی هەموو خراپەیەك، كوشتن، زینا، نێربازی، دزی، خیانەت، نەخۆشی كوشندە، هەلوەشانەوەی شیرازەی خێزان و كۆمەلگا... هتد. خوای بالادەستیش فەرموویەتی: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لا تَعْلَمُونَ﴾ (النور ١٩) واتە: (بەراستی ئەوانەی حەزدەكەن خراپەوكاری ناشیرین لەناوموسلمانان بلاوبێتەوە، سزایەكی سەختیان هەیە لە دونیاو قیامەتدا خوا دەیزانیٚ، ئێوە نایزانن).

١١- ئەوانەی ئالودەبوونە بە هۆشبەرەكان، یابەكاری دەهێنن دەرگای میهرەبانی خودا بۆ پەشیمانبوونەوەو تەوبە والایە و دەتوانن بگەرێنەوە سەر رێگای راست و ببنەوە موسلمانێكی باش هەروەك پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ((من سره أن يسقيه الله الخمر في

الآخرة ، فليتركها في الدنيا ، ومن سره أن يكسوه الله الحرير في الآخرة فليتركه في الدنيا))[١]. واته: (هەركەسێك حەزدەكات خودا لەقیامەت شەرابی بەهەشتی بداتێ، با لەدونیا لە شەرابە حەرامەكان وازبهێنێ، هەركەسێك حەز دەكات خودا لەبەهەشت جل وبەرگی ئاوریشمی لەبەربكات، باواز لەئاوریشمی دونیا بهێنی). بەڵێ وازهێنان سەرەتای تۆبەكردنە، وە فەرموودەی ئەو پیاوەی سەد كەسی كوشتبوو، مەشهورە كەدەستی بە تۆبە كردو بەرەو شارێكی تر رۆیشت تا لە شارە خراپەكەی خۆی دوور كەوێتەوە، خوا لێی خۆشبوو.

١٢- ئەوانەی مادده هۆشبەرەكان دەفرۆشن و بلاودەكەنەوەو بازرگانی پێوەدەكەن، مرۆڤی فاسدن، دوژمنی ئایین و مرۆڤن، شەرخوازو ئاژاوەگێرو تێكدەرن، و دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرو موسلمانان دەكەن، بۆیە دەبێت بەخراپترین شێوە بكوژرێن و كەس بەزەیی پێیاندا نەیەتەوە، هەروەك خودای زانا فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ﴾ (المائدة ٣٣). واته: (بەراستی

---

(١) أخرجه الطبراني في الأوسط وهو حديث حسن لغيره ، صحيح الترغيب والترهيب ٢ / ٦٠٤.

تاقە سزای ئەو کەسانەی شەر لەگەل خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن وگەندەلی و فەسادی لەسەر زەوی بلاودەکەنەوە، دەبێت بکوژرێن، یان لەسێدارە بدرێن، یان دەست و قاچیان بە پێچەوانە ببرێت، یان شاربەدەربکرێن و نەهێلن بێنەوە ولات -بەند بکرێن-)

# هۆیەكانی بەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان

١- **لاواز بوونی رۆشەنبیری ئایینی و لاوازی بیروباوەر لای ئەو كەسانە:**

چونكە ئەوەی تەنها حیساب بۆ یاسا دەكات دەبێ چاوی پۆلیس بەسەریەوە بێت بەلأم هەركاتێ كەس دیار نەبوو چی بكەن دەیكەن، بەلأم ئەوانەی بیروباوەریان بە خوداو حەلال و حەرام هەیە، ئیمان لە ناخیانەوە و ترسان لە خودا هەموو كاتێك هاندەر و پالٌ نەریانە، لە خراپە دوور كەونەوە. بۆ نمونە: كەسێك بلێ موسلمانم و باوەری بەم فەرمودانەی پێشوو هەبێت ناتوانێ هەرگیز مادەی هۆشبەر بەكار بهێنێ یان بازرگانی پێوەبكات.

٢- **دەست بە تالٌی و بێ كاری:** بەداخەوە لە كۆمەلگا هەژار و بێ كارەكان، یان ئەو كۆمەلگایانەی حكومەت بەرنامەی باشی بۆ گەنجان دانانێت دەبێتە هۆی فەشەل هێنانی كۆمەلێك گەنجی زۆر لە ژیان..وە بەتایبەتی زۆر لە خێزانەكان و قوتابخانەكان و كۆمەلگاكان ئەمرۆ نەیان توانیوە گەنجان لە باوەش بگرن، و هێز و تواناكانیان بەرجەستە بكەن،..كە ئەمەش بۆتە هۆی بەرەللا بوونیان بە كۆلان وشەقامەكانەوە ، گەنجی بەستەزمان هەموو كار و هیواو ئاواتی كوشتنی كات بێت، بە فیرۆدانی تەمەنی لاوی لە شتی پرو پوچ كە لە

كۆتايی زۆر لەوانە تووشی لادان و تاوان دەبن و لەبەر بێكاری و ئيفلاسی خۆيان دەدۆرێنن ،وە هەمووكاتێك راوچيە زيرەكەكانی بواری تيرۆر و مخدرات بەدوای ئەم گەنجە سادە و ساكار و بیٚ كار و موفليسانە دەگەرێن تا لەكۆتای دوارۆژيان رەش دەكەن....

٣- **لاسايی كردنەوە:** زۆر جار هەندیٚ لە هەرزەكاران دەيانەویٚ كەسايەتی خۆيان بسەلمێنن كە ئەوانيش پياون و بونيان هەيە بەلاسايی ئەم كەسانە هەتا لە جگەرەكێشان هەمان شت دەكریٚ.

٤- **تاقی كردنەوە:** زۆر جار هەندیٚ گەنجی سادە و ساكارو دلٚ ساف كەدەبينی خەلٚك و دەزگاكانی راگەياندن باسی شتێك دەكەن حەز دەكات بزانی ئەمە چی يە و واتای چی يە هەلٚدەستیٚ بە تاقی كردنەوە ئەمەش زياتر هەرزەكاران تووشی دێن.

٥- **بۆ بەهێز بوون و خۆراگری:** ئەمەش لەم كەسانە دێتە دی كەبەراستی زۆر كارێكی نا جۆر و نا شايستەيە كە ئەم توێژە بەكاری ببەن:

أ- لە پێش بركێيەكانی وەرزشی بەتايبەتی گۆرەپان و مەيدان.

ب- قوتابی هەندیٚ قۆناغی خوێندن كە دەيانەویٚ نەخەون و بخوێنن بۆ نمرەی باش.

ت- ئەو شوفێرانەی لە رێگا دوورەكان كاردەكەن بۆ ئەوەی بێ هێز نەبن و خەو نەیان گرێ.

٦- **كاریگەری پەروەردەی خێزان:** زۆر جاران ئەو خێزانانەی یان دایك و باوكانەی لە پەروەردەی منداڵەكانیان هەرەس دێنن ئەمەش هۆیەكە بۆ لادانی (انحراف) مندالەكانیان بەتایبەتی:

أ- گوێ نەدانی دایك و باوك لە پەروەردەی دروست و ئاگادار نەبوون لە هەلس و كەوتیان لەدەرەوە و هاورێیەتی كێ دەكەن.

ب- نەمانی دین و بیرو باوەر لای دایك و باوك.

پ- هەڵوەشانەوەی خێزان بەهۆی تەلاق و كێشەی ژن و مێرد.

ج- خراپ مامەڵەكردن: وەك سەربەستی و بەرەلا كردنی تەواو ،یان ئەوپەری توندو تیژی.

٧- **هاورێی خراپ.:** لەهەموو كەسێك زیاتر كاریگەری لەسەر برادەری خۆی هەیە و توشی هەڵەكانی دەكات بۆیە پێغەمبەرمان (ص) ئەفەرموویێت: «الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ»[١]. واتە: (مرۆڤ هەمیشە

---

(١) رواه الترمذی وأبو داود ت.٢٣٧٨ ابو ٤٨٣٣.

لەسەر ئايين وئاكارى دۆستە نزيك و خۆشەويستەكانيەتى،بۆيە با هەركسێك لە ئێوە تەماشاكات كێ دەكات بە دۆستى خۆشەويستى).

٨- **هۆيەكانى راگەياندن.:** رۆلێكى كاراى هەيە بۆ پاراستنى ميللەت و كۆمەلُگاو گەنجان لە شتە خراپ و ترسناكەكان، بەلام هەندێ جار و هەندێ دەزگا، بە مەبەست يان بێ مەبەست كارێگەرى خراپيان هەبێت لەم بوارەوە، ئەوەندە بەرنامەو فيلمى واپيشان دەدەن و ئەكتەرەكانى كە رۆلى گەورەيان هەيە و ئەستێرەى فيلمەكانن ئەم شتانە بە كاردەبەن، هەرزەكارو گەنجە سادەكان دەيانەوێ لاساييان بكەنەوە بەخەونى هەمان دەور و رۆلْ دەژين تا سەرە ئەنجام خۆيان لە زەلْكاوى نەهامەتى دەبيننەوە.

٩- **هەژارى و قەرزدارى و بێ كارى:** قەيرانى ئابوورى و قەرزدارى وهەژارى زۆر جاران خەلك ناچار دەكەن يان هەلدەخەلەتێنن لەلايەن بازرگانەكانى ئەم بوارە كە كاريان بۆ بكات، وە لەگەلْيان بێت زۆر بە ئاسانى دەولْەمەند دەبيت بەماوەيەكى كەم دەبيتە خاوەنى هەموو شتێك و دەحەسێيتەوە.

**١٠- دەوڵەمەندی:** زۆر جار ژیانی خۆش و دەولەمەندی و حەسانەوە وا لە مرۆڤی بێ ئیمان و باوەر دەكەن لەجیاتی كار و مەشاریع و خزمەت، بیر لەشتی زۆر كەم بكاتەوە وەك مخدرات، نێر بازی و، زینا.....هتد.

**١١- نەخۆشی:** زۆرجار هەندێك نەخۆش دكتۆر دەرمانی وایان دەدەنێ ،كە رێژەیەك ماددەی هۆشبەری تێدایە، وەك(ترامادۆل) بۆ ئازارەكان، یان(كۆدایین) كە لە دەرمانەكانی كۆخە هەیە، بەلاَم لەئەنجامی زۆر بەكارهێنان، یان نەخۆشەكان خۆیان لەكاتی ئازاری زۆر رێژەیەكی زیاتر بەكاردەبەن بۆ ماوەیەكی درێژ، ئەوەش یەكێك لە هۆیەكانی توشبوونە، بۆیە پێویستە دكتۆرەكان لە خوابترسن ئەم جۆرە دەرمانانە نەدەنە خەڵك. یان كەسانێك هەر خۆیان ئەم دەرمانانە بەبێ دەستوری پزیشك بەكاردەبەن، و لەلای هەندێك دەرمانخانەی كە هەست بە مەسئولیەت ناكات یان خەڵكێك كە قاچاخچیاتی بەدەرمان دەكەن ئەوانەش بەرەبەرە ئاڵودە دەبن.

**١٢- هۆی سیاسی:** ئەمەش یەكێك لە شەرە ترسناكەكانە كەهەندێ ولات لە دژی ولاتانی دراوسێ ئەنجامی دەدەن بۆ ئەوەی هەرەس بە كۆمەڵگاكەیان بهێنن و لە بواری پێشكەوتن رایان بگرن و لاوانیان بێ انتماء بكەن ، لەرێگای مخابەراتی خۆیان مادده هۆشبەرەكان رەوانەی

ئەو ولاتانە دەكەن.. ئەمرۆ عێراق و بگرە كوردستانی خۆمان بە هەموو پارچەكانی خەریكە ئەگەر دڵسۆزانی خاك و نەتەوە وریایان نەبن، دەكەونە بەر هێرشێكی توند،و زۆر لەم گەنجانە توشی ئەم سەرەتانە دەكەن..جاران دوژمن مینی لە خاكمان دەچاند ،بەلام ئەمرۆ مینی مادده هۆشبەرەكان لەمێشك ودلی لاوەكان دەچێنن......

# زیانەكانی مادده هۆشبەرەكان

زیانەكانی مادده هۆشبەرەكان لە هەر لایەنێك نوسینێكی تێرو تەسەلی دەوێ، سیاسی، ئابوری، كۆمەلایەتی، تەندروستی... هتد، ئەگەر بە شێوەیەكی زانستی باسی لێوە بكەین، بەلاْم لەم نامیلكە بۆ ئەوەی زۆر درێژ نەكەینەوە بە خالْ هەندێ لە زیانەكان دەنوسین بۆ خوێنەری خۆشەویست:

١- **لەدەست دانی بیر و باوەر و ئیمان:** چوونە جیهانی كوفر و ئیلحادەوە ئەمەش گەورەترین زیانە چونكە مرۆڤ تووشی رووڕەشی دونیاو قیامەت دەكات, ئاگای لە هیچ بەها بەرزەكان نامینێ هەموو زكر و ویردی دەبێتە بیركردنەوە لەوە هەندێك مادده بەدەست بهێنێ و بیخوا.

٢- **نەمانی ئابرو و شەرم:** دەبینین ئەوانەی تووشی ئالْودەبوون هاتونە شەرم و ئابروو لە جیهانی ئەوان سفرە بۆیە زۆر جار تاوانی قێزەوەر و دزی و كوشتن و كاری سێكس لەگەلْ كەسانی نزیكی خۆیان ئەنجام دەدەن یان لەكاتی ئارەزوو چونە مادده هۆشبەرەكان هەموو شتێك دەكەن هەموو تەنازولێك دەكەن بۆ بەدەست هێنانی.

# زیانەکانی بواری کۆمەلایەتی:

١- **رووخان و هەرەس هێنانی خێزان:** ئەم ژەهرە کوشندەیە کەوتە ناو هەر خێزانێك دوارۆژی وێرانی و گێرو گرفت و تەلاق و بەندیخانە یە ....

٢- **لادانی تاکەکانی خێزان:** زۆر جاران کە باوك تووشی ئالۆدە بوون دێت کار و پیشە و ژن و منالەکانی ئیهمال دەکات واز لە پەروەردە و مەسرەف و بەرێوەبردنیان دێنێت ، یان تووشی گرتو خانەدێت.. ئەو کاتە ئافرەتە بەستەزمانەکەی تووشی سوالکەری دەبێت یان کارکردن و زۆر جار ئەگەر گەنج و جوان بێت لەوانەیە تووشی لەش فرۆشی و بەدرەوشتی بکەن و مندالەکانی لە جیهانێکی ونی تاریك دەژین و بە سەرگەردانی و هەموو ئاوازە خۆشەکانی گوێچکەیان دەبێتە قسەو قسەلۆکی خەلك لەسەر خێزانەکەیان بۆیە بە کەسایەتییێکی لاواز گەورە دەبن و ئەوانیش لەم ژیانە تووشی فەشەل و لادان دێن...

٣- **زۆر بوونی تەلاق:** ئەمەش زۆر جار لەبەر ئەوەی پیاوەکە ژیان و مافی ژن و منالەکانی دابین ناکات, یان دروست بونی کێشە لە نێوان ژن و مێرد بەهۆی ئەو گرفت و زەرەرانەی لە ئالۆدە بوون تووشی خێزان دەبن......

٤- **زیانی ئابوری:** مال وسامانێكی زۆر لەم بوارەوە دەروات ، وادەكات خەلكێكی تەمبەلی بێكار زۆربێت ،داهات وبەرهەمهێنان لەكورتی بدات، وە ڕێژەی تووشبوو بەنەخۆشییە كوشندەو درێژخایەنەكان زۆر بێت،وەك چۆن ئەمرۆ ئایدزو ریبا ومادده هۆشبەرەكان،ئابوری زۆر ولاتی جیهانیان،بەرەو كەناری مەرگ بردووە.

٥- **دروستكردنی كێشە بۆ بەرنامەكانی حكومەت:** ناچاركردنی بە كردنەوەی نەخۆشخانە، و بەندیخانە، وسەنتەری چاكسازی تایبەت، ئەمەش پسپۆرو بودجەی باشی دەوێ.

٦- **ناشیرین كردنی ناو و دەنگی ولات و نەتەوە لە ئاستی مینبەرە نێو دەولەتیەكان:** هەروەك ئەفغانستان وكولۆمبیاو مەكسیك و ئێران... چۆن ناوبەد بوونە.

٧- **توشبوون بەنەخۆشی یە سامناك ودریژخایەنەكان:** وەك ئایدز، وشێرپەنجەی گەدەو مێشك، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشی شەكرە ،شێت بوون، نەمانی تواناى سێكسی، و نەمانی ئارەزووی خواردن، و تێكچوونی رەنگ و روخسار...هتد.

## وازهێنان لە ماددە هۆشبەرەکان چۆن دەکرێت :

١- دەبێت مامۆستایانی ئایینی رۆلی خۆیان ببینن ومینبەری مزگەوتەکان بکەنە سەنگەری رووبەرووبوونەوە لەگەل ئەم سەرەتانەی سەردەم بەحیکمەت وکارامەیی دوور لە هاوارو تورەیی.

٢- دەبێت پەرلەمان یاسایەکی توند دابنێت بۆ سزای ئەو کەسانەی بازرگانی پێوەدەکەن وبلاوی دەکەنەوە، وسنورەکان توندبن و بازگەکان رۆلی خۆیان ببینن.

٣- راگەیاندن رۆلێکی چالاك پیادە بکات وهاولاتیان لە زیانەکانی هوشیار بکاتەوە بە دیمانە ومیزگەرد لەگەل پسپۆرانی هەموو بوارەکان.

٤- کردنەوەی سەنتەری جۆراو جۆربۆ گەشەدان بە توانا جەستەیی و هزری ئارەزووەکانی گەنجان ورەخساندنی بواری کارکردن وچاودێریان بە تایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاری.

٥- وەزارەتی پەروەردە لە قوتابخانەکان وپرۆگرامەکانی خوێندن هۆشیاری گونجاو بلاو بکاتەوە.

# ئەوانەی مادده هۆشبەرەكان بەكار دێنن دوو جۆرن:

١- بەكارهێنەر (متعاطي) ئەوە چارەسەری ئاسانە بەئامۆژگاری وترساندن وجیاكردنەوەی لەبرادەری خراپ دەكرێت.

٢- ئالوودە بوو(مدمن) ئەوە دەبێت حكومەت نەخۆشخانەی تایبەتیان بۆ بكاتەوە ،لە ژێر چاودێری دكتۆری پسپۆری ئەم بوارەبن، هەروەها دەبێت مامۆستایانی ئایینی ودەروونناسان وتویژەری كۆمەلایەتی ویاساناسان و٠٠٠هتد بە دارشتنی بەرنامەیەكی چاكسازی سەردانیان بكەن ورێنمایی وئامۆژگاری پێویستیان بدەنێ و ورەیان بەرزبكەنەوە بۆ وازهێنان و چاك بوونەوە.

٣- كۆمەلگا رۆشەنبیر بكرێت كە كەسی بەكار هێنەر یان ئالودە بوو، وەك نەخۆش تەماشا بكرێت وبەزەییان پێی بێتەوە كەپێویستی بە چارەسەری هەیە ،نەك وەك تاوانبارێك دەبێت لەناو ببرێت بۆ ئەوەی خێزانەكانیان شەرم نەكات و نەترسێت لەدەزگا بەرپرسەكان لە ئاگاداركردنەوەیان لە ئەندامی تووش بوو.

٤- حکومەت متمانە بداتە توشبوان وئالوودەبوەکان و خەلك کەکاری حکومەت چارەسەری ئەوانە نەك ئامانجی تەنها فرێدانی ئەوان لە بەندیخانە بێت وەك ئیستا خەلك تێیگەیشتووە٠

# بازرگانی كردن بە مادە هۆشبەرەكان لە ولاتە ئیسلامیەكان:

ئەمەش بۆ دوو هۆی سەرەكی دەگەرێتەوە:

١- دواكەوتوویی لەبواری كۆمەلایەتی وبێكاری وكێشە ناوەخۆییەكان وقەیرانی سیاسی و ئەو شتانەی باسمان كرد لە هۆیەكانی بلاوبوونەوە و توشبوون هەموو دیاردەی بەرچاون لە كۆمەلگا ئیسلامیەكان.

٢- فتواو بۆچونی هەندێ كەسی نا موفتی و ناشارەزا لە ئەخلاقی پیغەمبەر ﷺ بۆ نمونە: لە ئەفغانستان هەندێ كەسی ناو قاعیدە فتوایان دا بەوەی بچێندرێ و بفرۆشێتە ولاتەكانی دوژمنایەتی ئەوان دەكەن بۆ قازانج لە بواری ئابوری و دروستكردنی ئاژاوە لەو ولاتانە، ئەمەش پێچەوانەی شەریعەتە، چونكە ئەگەر خودا شتێكی حەرام كرد پارەكەشی حەرام كردووە وەك لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ هاتووە: (اذا حرم الله شيئا حرم ثمنها).

بۆیە رۆژێك گوتیانە (عومەر موختار) ئیتالیەكان ژن و مندال دەكوژن بۆ ئێمەش لەگەلیان وانەكەین لەوەلام گوتی نەخێر ئێمە ئەوە ناكەین خۆ

ئیتالیەكان قودوە پێشەنگی ئێمە نینە بەلكو پێغەمبەر ﷺ قودوە پێشەنگی ئێمەیە.

# جگەرە ماددەی هۆشبەری تێدایە:

لە راستی كاریگەرترین و بەهێزترین ماددەی كیمیایی لەجگەرەو توتن هەبێت نیكۆتینە، كە ژەهرێكی كوشندەیە لەماوەی حەوت چركە دەگاتە مێشك، زانستی نوێ سەلماندوویەتی كە خوگرتن بە نیكۆتین زۆربەهیزترە لە خوگرتن بە مادە هۆشبەرەكان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی كەنیكۆتین زۆر خێرا كۆنترۆلی مێشك دەكات و پاشان هەردەم داوای زیاتر دەكات، بەگوێرەی دیاردەی ئالوودەبوون بە جگەرەو كاریگەری خراپی لە سەر مێشك و گشت جەستەی مرۆڤ بەلێ لە مادده هۆشبەرەكانە و پێناسەی هۆشبەرەكانی لەسەر دەگونجێ لەزۆربەی لایەنەكانی.

# وتەی کۆتایی:

مادە هۆشبەرەکان: واتە مردن، دۆران، نەخۆشی، لادان لەرێگای خودا، لادان لەرێگای ئاسایی بە جۆرێك ئەم رەفتارە لەگەل کۆمەلگا، خیزان، ژیان، بەختەوەری هەرگیز نەگونجاوە، وە ئومێدەوارم بەزییان بەخۆیان، دایك و باوکیان، خێزانەکەیان، مندالە چاوگەشەکانیان بێتەوە. ئەگەر دەیانەوێ بەمجۆرە لە کێشەکانی ژیان دوور کەونەوە، یان خۆشی وچێژ بەدەست بێنن با بزانن ئەوانەلە جیاتی دەرمان ژەهرو خوێ دەخەنەسەربرینەکان وبەدەستی خۆیان خۆیان دەکوژن، وەگەرانەوەو تۆبەکردن لەدەرگای خودا تاقە رێگایە بۆ سەرکەوتن و سەرفرازی هەردوو ژیان ...

**خۆشەویستان بەم پوختە کوتایی بەم نامیلکە دێنین چونکە ئەم باسانە لەهەر بوارێک توێژینەوەیەکی تایبەتی دەوێ، ئومێدەوارم بەم نامیلکەیە خزمەتێکمان پێشکەش کردبێت**

(وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين)

**محمود محمد مجید**

وتارخوێنی مزگەوتی کۆمەلگای گەلاڵە-سەرپەرشتیاری پسپۆری عەرەبی

لە پەروەردەی سۆران

(١-٦-٢٠١٠)

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پـێشەكی | ٧ |
| مانای (مخدرات) چییە؟ | ١٠ |
| پێناسەی ماددە سركەرەكان لەزاراوەی سەردەم | ١١ |
| جۆرەكانی ماددە سڕكەرەكان: | ١٢ |
| كاریگەری ماددەسركەرەكان لەسەر مرۆڤ: | ١٣ |
| ماددە هۆشبەرەكان و شەریعەتی ئیسلام | ١٦ |
| هۆیەكانی بەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان | ٢٣ |
| زیانەكانی ماددە هۆشبەرەكان | ٢٩ |
| زیانەكانی بواری كۆمەلایەتی: | ٣٠ |
| وازهێنان لە ماددە هۆشبەرەكان چۆن دەكرێت : | ٣٢ |
| ئەوانەی ماددە هۆشبەرەكان بەكار دێنن دوو جۆرن: | ٣٣ |
| بازرگانی كردن بە مادە هۆشبەرەكان لە ولاتە ئیسلامیەكان: | ٣٥ |
| جگەرە ماددەی هۆشبەر ی تێدایە: | ٣٧ |
| وتەی كۆتایی: | ٣٨ |
| ناوەڕۆك | ٣٩ |